بە تەمەتی سوتاندنی بازاڕی دارەسوتاوەکەی سلەمانی کەسێک دەستگیرکرا

بە تەمەتی سوتاندنی بازاڕی دارەسوتاوەکەی سلەمانی،ئەمڕۆ یەکشەممە وتەبژی پۆلیسی سلەمانی دەستگیرکردنی کەسێکیان ڕاگەیاند.

ە سەرکۆت ئەحمەد، وتەبژی پۆلیسی سلەمانی ڕایگەیاند، "شەوی پێش ئاگرەکە کەسێک لەناو بازاڕی دارەسوتاوەکە کە خەڵی لێو کاسبکارە سەرقاڵی لەحیمکردن بووە، بە تەمەتی ئەوەی هەکاری ئاگرەکە بێت دەستبەسەر کراوە".

ئاماژەی بەوەشکردووە، "ئەو کەسەی دەستبەسەرکراوە هاوڵاتییەکی سووریە بەنام کوردی دەزانێت، ئەو لەکاتی وەرگرتنی وتەدا دەڵێت، تاوەکو کاتژمێر 12:00ـی شەو لەحیمی کردووە، دواتر کارەبای کوژاندووەتەوە و دوکانەکەی داخستووە".

بە وتەی پۆلیسی سلێمانی: تەمەتبار دەست تاوەکو 12:00ـی شەو کاری کردووە و ئاگرەکەش نزیک 04:00ـی بەربەیان بووە، بەڵام تەمەتبارەکە بە دەستبەسەرکراوی دەهێنرێ تاوەکو پۆلیسی بە وردی تەماشای کامێراکانی چاودێری دەکاتەوە و لە دەخەکە دەنیا دەبێتەوە.

ئاگرەکە زیاتر ئەو دوکاناناەی گرتەوە کە بە مەزادخانەی سەرەوە ناسراون. ئەو شوێنەی ئاگری لێکەوتەوە ئێستا چێکراوە و تەنیا هێزە ئەمنییەکان لێوەدا جێگیر کراون بە پاراستنی پاشماوەکانی ناو دوکانەکان.

بەربەیانی دوێنی ئاگر لە بەشێکی دوکانەکانی بازاڕی دارسوتاوەکەی سلێمانی کەوتەوە. بەگوێرەی ئامارە سەرەتاییەکان، نزیکەی 150 دوکانی بازاڕەکە سوتاون.